# بۆ، ژن کەرەسەی خاوی ئایدۆلۆژیەکانە؟

**کازم چەمچەماڵی ***

کاتێك دەڵێم ژن کەرەسەی خاوی ئایدۆلۆژیەکانە، مەبەستی تایبەتیم هەیە، چونکە لەپەنای ئەم ڕستەیەدا ئالۆزیەکی سەیر هەیە منیش ویستومە چەند زانیاریەك ببەخشم بۆ ئەو مەبەستە ئەم مانشێتەم هەڵبژارد.

خوێنەری بەڕێز کاتێك بمانەوێت قسە لەسەر ئافرەت بکەین کۆمەڵێك سیناریۆی سەیر دێتە بەرچاومان، خۆی لەڕاستیدا سەیر نیە، چونکە ڕەگەزێکە هیچی کەمتر نیە، بەڵام ئایدۆلۆژیاو کلتوورو گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا وای کردووە کە سەیر بێت، لەبەرئەوە هەربیرو ڕایەك یان هەر بیرۆکەیەکی تازە بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ژیان هاتبێتە کایەوە، هەمیشە ئافرەت لە ناو گێژەلوکەی کەلتورو بیرو ڕای ئەو سیستەمە بووە، لێرەوە پێم وابێت بە پێویستی دەزانم زیاتر بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە بەچەند نمونەیەکی مێژوویی زیاتر ئاشناتان بکەم بە بابەتەکە، چونکە زیاتر بۆ قسەکردن لەسەر تەوەرەی ژن ئەو ڕاستیانە پێویستە بخەینە پێش چاومان کە ڕون و ئاشکران، لەبەر ئەوەی ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆیان هەبووە لەسەرەتای بەرەبەیانی ماڵەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ ژن خاوەنی ماڵ بووەو سەرپەرشتی خێزانی کردووە یەکەم شارستانیەتیش بەدەستی ژن کراوە، شایەتی حاڵیش گوندی چەرموە لەم سەردەمەدا پیاوان تەنها ئەرکیان ڕاووشکار بووە چەندین جار لەخێزان دوورکەوتونەتەوە، کاتێك ڕەوتی ژیانی مرۆڤ ئاسایی بۆتەوە بەهەموو شێوەیەك دوور لەبەها مرۆڤایەتیەکان مافی ژیانیان پێشێل کراوە زۆر جار وەك مرۆڤ سەیر نەکراون بگرە گومانیان هەبووە لەمرۆڤ بونی ئافرەت، ئەم سەردەمەش سەردەمی کۆیلایەتی و بازرگانی پێوەکردنی ئافرەتە، وەکو کالایەك بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستە تایبەتیەکان، لای زۆرینەی بنەماڵەکان مافی ژنیشیان پێنەبەخشراوە بەڵکو زیندە بەچاڵ دەکران تەنانەت لەووڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەو سەردەمەشدا مافی دەنگدانیان پێنەدەبخشرا.

هەرلەم سەردەمەدا بوو کەئافرەت لەناو گێژەلۆکەی ستەمکاریدا دەست لەئەژنۆ رامابوو، ئاینی ئیسلام هاتە کایەوە توانی بەهاو نرخێکی تایبەت بەئافرەت ببەخشێت مافەکانی ئافرەتی لەچەند بەندێکدا کۆکردووە کەمن ناتوانم ئاماژە بەهەمویان بکەم لەم بابەتە کورتەدا، بەڵام چەند خاڵێکی گەوهەری تێدا بوو لەو کاتەدا واتای مرۆڤایەتی بەئافرەت بەخشرا،لەبەرئەوەی ئافرەت لەکۆیلەوە بوە خاوەنی سەرمایەو تەنانەت توانی خاوەنی میراتیش بێت، یاخود بووبەخاوەنی بڕیار بۆهەڵبژاردنی هاوسەرێتی، زەوی دەرگای لێداخست، جارێکی دی نەتوانرا ئافرەت زیندە بەچاڵ بکرێت، لەم کاتەدا ئەم بەهایانە زۆر بوو بۆئافرەت لای بێباوەڕان جێی گومان بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ئافرەتان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوە لەپێشخستنی ئەم ئاینەپیرۆزەدا کە وەك کەرەسەیەکی خاو وابوو، بەڕێزان لەم ووشەیە بەهەڵە تێمەگەن چونکە ئافرەتان لەهەر شوێنێك بوبن پیاوەکان خۆشەویستیان بۆ ئەوشوێنە هەبووە لەدەوری کۆبونەتەوە ئەمەش خوای گەورە لەناخی مرۆڤاندا دروستی کردووە، لە هەمان کاتیشدا فەیلەسوف و زاناکان خاوەن بیرو ڕای جیاوازبون لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافی ئافرەت، لەبەرئەوەی هەرشۆڕشێك بەرپا بکرێت پێویستی بەڕەنگدانەوەی ئافرەتە، بۆیە ئەم دیموکراسیە نوێیەش کەلەم کاتانەی دوایدا هاتە ئاراوە لەسەر دەستی یۆنانیەکان بەداهێنانێکی تازەوە توانیان تازەگەری لەچەمکی دیموکراسیدا بکەن، ئەوەی کەئێستە ئێمەپێویستمانە کەلەچەند بەندێکدا بەئاشکرا بەشێوەیەکی بەرچاو قسەیان لەسەر مافەکانی ئافرەت کردووە، بەپێی بۆچونەکانی ئەوان ژیانی مرۆڤ پێویست ئەکات مرۆڤ سالاری بێت، واتە جیاوازی نەبێت لەنێوان ڕەگەزەکاندا واتە یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان بەرقەرار بێت، بەهاوبەشی ئەرکی خێزان بەڕێوەبەرن، لەهەمان کاتیشدا بواری بەئافرەتدا لەبوارەسیاسیەکاندا کاربکات بەشداری هەڵبژاردن بکات، تاکو بگات بەپلەکانی دەسەڵات دەرگاکانی بیرورادەربڕینی بۆسەرپشك کرا، هەمان ئەومافانەی بەپیاوبەخشرابوو بەژنانیش بەخشرا، بەڵام بەداخەوە ئەم سیستەمە تائێستا پیادانەکراوە بەپێی پێویست، تەنها لەچەند وڵاتێکی بەرچاودانەبێت، من بۆخۆم نیگەرانیەکی زۆر ئاستی فکری ماندوو کردووم، کەجۆرە ڕەشبینیەك لەژناندادەبینم چونکە تاکوئێستا مافەکانی خۆیان بەدەستی خۆیان پێشێلدەکەن، پێم باشە لەبەشی یەکەمی بابەتەکەمدا چەند نمونەیەکی بەرچاوتان پێپیشان بدەم ڕونکردنەوەی تابەتیش هەڵدەگرم بۆ بەشی دووە بۆ ئەوەی بتوانم هیچ نەبێت ئافرەتان بەم چەند ڕەخنەیە بگەیەنمە ڕایەك کەزۆرینەی خەڵکی نیگەرانکردووە یاخود هۆشیاریان بکەمەوە لەوچەند دیاردەیەی کەزەرەری هەیە بۆجیهانی ئافرەت، زۆرجاردەبینین ژنێك قسە بۆخەڵکی دەکات باس لەیەکسانی بوون دەکات لەهەمان کاتیشدا ئەگەربیەوێ ئەڵقەی هاوسەرێتی بگۆڕێتەوە خۆی دەباتەوە سەردەمی کۆیلایەتی، لەبەرئەوەی لەزۆربەی کاتەکاندا خۆی دەفرۆشێت بەپارەو ئاڵتون، هەندێکیشیان بەشەهادە بێئەوەی بیرلەناخی بەرامبەری بکاتەوە یاخود دەرکەوتنی لەشیان لەسەر شاشەی میدیاکان، یان نمایش کردنی ئەندامەکانی لەشیان لەکوچەو کۆڵان و بۆنەوەو موناسەباتەکاندا، بەجۆرێك لەجۆرەکان لای هەندێ لەئافرەتان بەپێشکەوتنی دەزانن، لەگەڵ ئەمەشدا خەتەرترین دیاردەیە، چونکە زۆر جار ئافرەتانی گەیاندۆتە ئەونەخۆشیە جنسیانەی کەئێچتا ئافرەتی توشی لەش فرۆشی کردووە، لەهەندێ ووڵاتی بەناو پێشکەوتوو زۆر بەداخەوە ڕادەیەکی کەمی بەشە نوخبەیەکی ئافرەتان هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم دیاردەیە هەیە، من ئەم هۆکارەیش دەگەڕێنمەوە بۆئەو گێژەلۆکەی شەرموو ترس و پێشێلکاریانەی کەکلتور دایبڕیوە بەسەریاندا، هەرئەمەشە وایکردووە ئافرەت توانای دەربڕینی نەمێنێ بەپێی پێویست، ئێمەی کوردیش هاوبەشین لەم سیستەمە، چونکە ئەم تەوەرەی کەمن قسەم لەسەر کرد زۆرتر لەڕۆژهەڵاتدا باوە کوردستانیش بەشێکە لەڕۆژهەڵات، هەرئەمەشە وایکردووە ژنە ناودارەکانی کورد بەپەنجەی دەست ببژێردرێن..بەڕێزان ئەمبابەتە زۆر زیارتر هەڵ دەگرێت، لەبەشی داهاتوودا چەمکێکی کە لەتەوەرەکانی ئەم باسە دەخەمە پێش چاوتان.

*لە ڕۆژنامەی کرانەوە



**ژنان هەردەم گیرۆدەی کێشەی کۆمەڵگا بوون**

# لاوان، لە نێوان خەون و واقیعدا

**ئارام بابا ـ کۆلێژی یاسا**

لاوان وەك توێژێکی گرنگ و چالاکی ناو کۆمەڵگای هەر میللەتێك دەورێکی کاریگەر و ڕۆڵێکی داینەمۆ ئاسایان بینیوە لە ناو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا و ژیانێکی پڕ لە کار و چالاکی یان دروست کردووە کە لە مێژوودا باسکراوە و کۆمەڵگایان بەرەو گۆڕانکاری و جوڵە بردووە.

هەر بۆیە لاو پڕ لە ئەزموون و کار و جوڵە پڕ لە داهێنان و خزمەت و بیرکردنەوەی نوێ و دروستکردنی بیر و ڕای نایاب لەناو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا دەبینرێن، ئەم جۆرە لاوانە لە حکومەتێکی دەستوریدا جیاوازی یان هەیە بۆ شێوازی کار و جوڵانەویان لە حکومەتێکی دیکتاتۆریدا چونکە ئیشکردن لە حکومەتی دەستوریدا لە ڕووی ئازادی بیرکردنەوە و شێوازی ئەنجامدانی کار لەو حکومەتەدا ئاسانترو گونجاوترە چونکە کارکردنی لەو جۆرە زادەی بیرێکە کە حکومەت خۆی ڕێگای پێداوە ئازادانە بیر بکاتەوە، لەم جۆرە حکومەتانەدا تاك بیر لەشتی نوێ و داهێنان دەکاتەوە، خەونەکان هەر زوو بەرجەستە دەبێت و بیر لەشتی لاوەکی و مافە سەرەتایی یەکانی خۆی ناکاتەوە چونکە ئەو شتانە لە ناو گۆمەڵگادا بەرجەستە بوونە، ئەبینین خەونەکانی لاوان لەم جۆرە حکومەتانەدا کەم دەبینرێن و شێوازی فەراهەم کردنی بوارەکانی ژیان ئاسانەو مرۆڤ ئەوەی پێویستە زوو دەتوانێت پێی بگات. بەڵام لەناو کۆمەڵگا دوا کەوتوەکاندا بە پێچەوانەوەیە، بەتایبەتی گەر لاوانی ئەو وڵاتانە لەژێر سایەی حکومەتێکدا بن کە لە سەر بنەمای زوڵم و زۆر بنیاد نرابێت، واتا دیکتاتۆری چینی ئەو کۆمەڵگایە بەڕێوە بەرێت، ئەمە وادەکات مەودای بیرکرنەوەی لاوان تەسك بکاتەوە و لاو تەنها فریای بژێوی ژیانی خۆی بکەوێت و هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی ژەمێك خواردن بدات، لێرەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای دواکەوتوو کە بنەمای زانست و زانیاری و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تیادا کەمە لاوان بەرەو داڕوخان و بیرکردنەوە لە شتە لاوەکی یەکان دەبات و بەشتی زۆر سەرەتایی یەوە خۆیان ماندوو دەکەن و تەنها کۆمەڵێکی کەمیان لە ڕێگای دەسەڵاتەوە خۆشگوزەران و ئەوانەش کەسەر بە دەسەڵات و خزم و خوێشی لێپرسراوەکان نین هەمیشە خەونەکانیان فراوانەو زۆر جار خەونێك کە پێئەچێت خەونێك بێت لە هێنانەدی مافە سروشتی یەکانی مرۆڤ تاکۆتایی ژیان نەیەتە دی، ئەمە لاو ماندوو دەکات و وای لێدەکات بەزۆر شتی سادە و ساکار ڕازی بێت و داوای هیچ شتێك نەکات، لە ڕاستیشدا حکومەت خزمەتگوزاری یەکی کەم ئەنجام دەدات و ڕێگەنادات لاوان ئازادانە بیر لە ژیانی خۆیان بکەنەوە ئەمەش بەتەنیا نا بەڵکو مەودای بیرکردنەوە و ئاستی دەربڕین و قسەکردن دیاریکراوە و ڕەشبینی و جەرمەسەری لە ڕووحی لاوانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەبینرێت.

ئەوەی جێگای تێڕامان و بیرکردنەوەیە ئەوەیە ئێمەی لاوانی چەمچەماڵ تا چەند خەون و واقیعمان لێکنزیك بوەتەوە؟ ئایە ئەو دەسەڵاتەی کەلێرە هەیە حکومەتێکی دەستوریی یە؟ ئەگەر دەستوریی یە خەونەکانمان مافەکانمان تاچەند بۆ بەرجەستە کراوە؟ یان ئەم حکومەتە دیکتاتۆریی یە؟ ئەمەشیان نابێت چونکە بڕیاری لەو جۆرە دەمانکات بە دیکتاتۆر، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ئێمە کە حکومەتێکی دەستوری بەڕێوەمان دەبات بۆچی زۆرینەی خەونەکانمان نەهاتوونەتە دی؟ بۆچی هەمیشە ڕەشبین و ڕوخاوین؟ ئایە حکومەت خزمەت بەتوێژی لاوان ناکات؟ ئایە لاوان خۆمان کەمتەرخەمین و نازانین مامەڵە بەو شتانەوە بکەین کە حکومەت بۆی بەئەنجام گەیاندووین!؟ ئەم جۆرە پرسیارانە پێویستی بە وڵامدانەوەیەکی ڕاستگۆیانە هەیە چونکە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە!) نەحکومەت دان بەوەدا دەنێت کە شت بۆ لاوان نەکراوە نەئێمەش دەڵێین هەموو شتێکمان بۆ کراوە، بەڵام بەڕاستی ئێمە گەسانێکی گوناهین! ئێمە خەون بە سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی و گشتی یەوە دەبینین کە زۆرینەی خەونەکانی لاوان و خولیاکانی لاوان لە خۆ بگرێت، ئێمە خەون بە مەڵبەندێکی ئەنتەرنێتەوە دەبینین کەسەر بە حکومەت بێت و خزمەت بەلاوان بکات، ئێمە خەون بەوەوە دەبینین بەدرێژایی مانگێك گیرفانمان پڕبێت و پێویستمان بە پارە نەبێت! ئێمە خەون بە بەلووعەی ئاوێکەوە دەبینین کە لەناو ماڵەکەماندا ڕۆژی چەند کاتژمێرێك ئاوی پیادا بڕوات، ئێمە خەون بەیاریگایەکی وەرزشی یەوە دەبینین کە زۆربەی یاری یەکان لە خۆبگرێت، ئێمە خەون بەوەوە دەبینین حکومەت باوەشمان بۆ بکاتەوە و وەك ئاوردانەوەی باوکێك لە ڕۆڵە جگەر گۆشەکەی تەنیا جارێك بڵێت بۆ ئەگریت؟ تەنیا جارێك لە ئامێزت بگرێت، تەنیا جارێك بڵێت ئەوە دیاری یە بۆ تۆ! ئێمە خەون ....ئێمە؟؟؟؟

ئێمە دەیان و سەدان خەونمان هەیە خەونەکانمان بونەتە بارێکی گەورە بەدرێژایی تەمەن بەسەر شانمانەوەیە. ئەمە لایەکی بابەتەکە، لە لایەکی ترەوە خۆمان کەمتەرخەمین چونکە ئێمەی لاو چ کاتێك لە سەر شتێك کۆك بوینە و هەمومان بەیەك دەنگ و یەك ڕەنگ داوکاری یەکمان پێشکەش بە حکومەت کردووە. لەچەند ساڵی ڕابوردوودا گروپێك بەناوی فشارەوە دروست بوون کە مەبەستیان فشار خستنەسەر حکومەت بوو بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەم سنوورە وەلێ کۆمەڵێکی تر لە دژی ئەم گروپە دروست بوون و مەبەستیان خستنەڕووی کارو چالاکی یەکانی حکومەت بوو، ئەم دوو گروپە لە دژی یەك قسەیان دەکرد و یەکتریان ڕەتدەکردەوە و هیچ شتێکیش بۆ ئەم شارە نەکراو فشار و بەرگری چەمچەماڵ و لاوانی چەمچەماڵیان لەم ئاستەی خۆیدا ڕاگرت. من لێرەدا نامەوێت کەس ناشیرین بکەم چونکە ئیشی من ئەوە نییە بەڵکو مەبەستم تەنیا ئەوەیە بڵێم ئەم جۆرە کارانە سەرکەوتونین باشتر وایە ئێمەی لاوان بیر

بۆ ل٧

# سکاڵایەک بۆ پێش چاوی لێپرسراوان!

**م. عیرفان عەبدول ڕەحمان**

هەموو لایەك ئاگادار بووین کە هەڵبژاردنی یەکەم حکومەتی سەربەخۆی عێراقی لە بەرواری ٣١/ کانونی دووەمی / ٢٠٠٥ دا لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا بەئەنجام گەیشت، ئەوەی من دەمئەوێت لەم گۆشە نیگایەوە قسەی لە سەر بکەم ئەوەیە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەندێك لە سەرکردە سیاسیەکان لە گەڵ زۆرێك لەچین و توێژەکاندا کۆ بونەوە و لە گیرو گرفتەکانیان کۆڵیەوە، زۆرێك لە داواکان جێبەجێ کران، یەکێك لەو توێژانە (یەکێتی ماموستایانی کوردستان) بوو نوێنەری ڕێکخراوی ناوبراو داوا و پێویستیەکانی ڕێکخراوەکەی خستە پێش چاو لەوانە ( گەڕاندنەوەی دەرماڵە، دەرماڵەی پیشەیی، دابەشکردنی زەوی......هتد) بەسەر مامۆستایاندا ئەویش بڕیاریدا زۆرێك لە داواکانیان جێبەجێ بکرێت بەتایبەتی دابەشکردنی زەوی، پاش ماوەیەك بەیارمەتی ئەو ڕێکخراوە بەتایبەتی هەردوو کەرتی مامۆستایانی چەمچەماڵ و شۆڕش بڕیاردرا بۆ هەر مامۆستایەك کە خاوەنی (١٥ ) خاڵ بێت دەتوانێت سوودمەند بێت لە وەرگرتنی زەوی، بەڵام لە پاش ئاشکرابوونی ناوی مامۆستایان هەندێك ناو ئاشکراکرا کە زیاتر لەجارێك زەوی و خانوویان وەرگرتووە و سوودمەند بوونە لە حکومەتی هەرێمدا، لەبەر ئەم هۆیە ناڕەزاییەکی زۆر لە ناو مامۆستایاندا دروست بوو، دواتر ئەو ناوانە لە شارەوانی چەمچەماڵەوە گەڕێندرایەوە بۆ وەزارەت و دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

من لێرەدا دەڵێم خۆزگە هەندێ مامۆستای هەژار و بێ خانوو و زەوی و مووچەی کەم سوودیان لەم حکومەتە خۆماڵیە وەردەگرت، چونکە ئێمە هەموو کوڕی ئەم کوردستانەین و هەموو لایەکمان زەرەر و زیانی دەستی ڕژێمی بەعسمان چەشتووە، ئەم حکومەتەش حکومەتی هەموو لایەکمانە پێویستە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی